زانیاری

ئامادە کردنی : خۆشناو عوسمان

چۆن منداڵەکەت پەروەردە دەکەیت ؟

نووسەری بولگاری «رایتە پێشێڤە» دەڵێت : خێزان تەنیا خانەیەکی کۆمەڵگانی‌یە ، بەڵکو کاریگەرێکی گرنگیشە بۆ پەروەردەی مرۆڤ ، چونکە بنچینەکانی کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکا لە ناو خێزان دا .
مەرجی گرنگ لە خێزان دا بۆ پەروەردەی سەرکەوتوانە ئەوەیە ، دایك و باوك بە ئارەزووی خۆیان و بە شێوەیەکی راست و دروست منداڵەکەیان پەروەردە بکەن .
پێویستە هەموو هەوڵێك تەرخان بکرێت بۆ لەناو بردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە رێگا لە پەروەردەکردنی منداڵ دەگرێت و تا ببنە چاکترین نموونە بۆ منداڵەکە .
مەرجێکی گرنگتر هەیە بۆ کارتێکردنی پەروەردە ، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ خێزان ساغ و سەلیم بێت لە رووی تەندروستی‌یەوەو یارمەتی دەری یەکتریش بێت بۆ یەکتری‌و پێوەندی ئەندامەکانی خێزان لە رووی سۆزو هەستەوە پتەو بێت . تا ئەم رووداوانەوە بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەر منداڵەکە رەنگ بداتەوە .
پەروەردکاری بەناوبانگی سۆڤیەتی «مەکەرێنکۆ» دەڵێت :

کۆمەڵی «کۆلێك تیڤ[1]» لە توانای‌دا هەیە یەك بگرن بۆ کارکردن و بۆ خزمەتی کۆمەڵ واتە ، بەرژەوەندی تاکە کەسێك ناخرێتە سەرووی بەرژەوەندی کۆمەڵ و خێزان .
زانیاری‌ی پەروەردە ، هەر لە زووەوە ئاوری لە رۆلی خێزان داوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و ئاشکرای دەکات کە پەروەردەی چاك و باش لە ئەنجامی پێوەندی‌ی ناوخۆی خێزانەکەیە .
بەرای «پیستالوچی» : پەروەردەی خێزان بەر لە هەموو پەروەردەیەکی ترە ، کە مەسەلەی بنچینەیی لە پێوەندیی خێزان دا ، بەستراوە بەکارکردن ، واتە لە کاتی کارکردن دا ئەگەر منداڵ بەشداری بکات لە کارەکە ، کە خێزانەکە پێ‌ی هەڵدەستێ ئەوا بەهەر حال سیفەتی ئەم کارکردنە بەزووترین وەخت کار دەکەنە سەر منداڵەکە ، دەبێ ئەم کارکردنە تێکەڵ بێت بە خۆشەویستی‌و بیروباوەرو رێز لێگرتن و دەست پاکی و راستگۆیی‌و لە خۆبوردن ، کە ئەمانە مەرجن بۆ پەروەدەکردنی منداڵ و گەشە بوونی هەردوو لایەنی ، دەروونی و فزیۆلۆجی ، هەروەها ئەم جۆرە پێوەندی‌یەی ناو خێزان ، تا رادەیەکی زۆر دیاری دەکا کە ئایا منداڵەکە گەشە دەکا وەك مرۆڤێکی سوودبەخش ،؟ یا خود ، بە پێچەوانەوە ؟ هەڵس وکەوتی خێزان ، وەك سەرچاوەیەکی بەردەوامی راگەیاندە بۆ منداڵ ، هەر لەم روانگەیەوە ، گەشە بوونی ژیری‌و هۆشیاری‌ی منداڵ بەندە بە جووڵانەوەو رەفتاری خێزانەکەی . با پەنا بەرینە بەر چەند نموونەیەك کە پێوەندی‌ی ئەندامەکانی خێزان چۆن کاردەکەنە سەر بیرو هۆش و رەفتاری منداڵ ،
- پلامێن ، تەمەنی ١٣ ساڵە ، لە ماڵەوە را دەکات ، جگەرە دەکێشێت ، بەدخووە ، دزی دەکات .
ئەی باری خێزانی چۆنە ؟
باوکی زۆر دەخواتەوە ، دارکاری منداڵەکەی دەکات ، ئەندامەکانی خێزان رێز لە یەکتر ناگرن .
- فیلیپ ، تەمەنی ١٤ ساڵە ،جگەرە دەکێشێت ،جنێو دەدات، ئازاری هاورێ‌یەکانی دەدات ، رێز لە مامۆستایەکەی ناگرێت، چونکە پێوەندی ناو خێزانەکەی ناتەواوە ، باوکی زۆر ئازاری دەدات - ئەلێکسەندەر ، تەمەنی ١٢ ساڵە ، منالێکی زیرەك و گورج بوو ، هیچ کەموکورییەکی نەبوو ، بەلام دوای بەسەرچوونی ماوەیەك ، باوکی ، زۆرجار نەدەگەرایەوە بۆ ماڵ ، چونکە دەستی لەگەڵ ئافرەتی‌تر تێکەڵ کردبوو ، زۆریشی دەخواردەوە ، مەرجەکانی ژیانی بۆ مناڵەکەی مسۆگەر نەدەکرد

، دوایی ، بارەکە وای لێهات دایك و باوك لە یەکتری جودا ببنەوە . ئەم رووداوە یەکسەر کاری کردە سەر رەفتاری ئەلێکسەندەر ، تا وای بەسەر هات لە قوتابخانە را بکات ، جگەرە بکێشێت و دوورە پەرێز بێت لە خەڵکی و دزیش بکات !!..

ئەم چەند نموونەیە کە دەروون زانایان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردوون بێگومان بایەخێکی زۆری هەیە بۆ هەموو لایەك کە پێویستە بەووردی رەچاوی کۆسپ و تەگەرەکان بکرێت کە دەبنە هۆی گۆرانی رەفتاری منداڵ بەرەو لایەکی خراپ ..

بۆ راستیی ئەم قسانە «پرڤان پرڤانۆڤ» لێکۆڵینەوەیەکی کردووە و دەڵێت :

کە ٢/٦٥٪ لە کور ، ٨/٥٢٪ لە کچ ، رەفتاریان تەواوە چونکە لە خێزانێکی بێ قسورن ، بەڵام ماوەکەی تر کە ٨/٣٤٪ لە کورو ٢/٤٧٪ لە کچ بە پێچەوانەن بە کورتی ، خوو رەوشتی هەر منداڵێك ئاوێنەی هەڵس و کەوتی خێزانەکەیەتی .

رێك و پێکی ناوەخۆی خێزان ، پاك و خاوێنی ئەندامەکانی ، جل و بەرگی جوان ، رەفتاری چاك ، رێبازی پێوەندی نێوان یەکتری لەگەڵ خەڵکی‌ترو چۆنیەتی خوێندن و کارکردنیان ، ئەمانە هەمووی کارێکی چاك دەکەنە سەر پەروەردەی منداڵ ، هەروەها باری دەروونی فزیۆلۆجی دایك مەرجێکی گرنگە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ .

نووسەری سۆڤیەتی «ئارکین» دەڵێت : ژیانی منداڵ ، یاری‌یە، چونکە یاری بۆ منداڵ ، کارکردنە ، بیرکردنەوەیە ، هونەرە ، ئەفسانەیەو سەرچاوەی دڵخۆشی‌یە . یاری ، ئەو ژیانە بەتام و چێژەیە کە منداڵ خۆی تێدا دەدۆزێتەوەو گەشەی پێ دەکات .

پێویستە مەرجەکانی یاری‌کردن بۆ منداڵ ساز بکرێت وەك : کەرستەی یاری‌کردن ، جێگای دیاری‌کراو ، کاتی پێویست ، هەروەها لە کاتی یاری‌کردن دا زۆر گرنگە کەس و کارەکانی بەتایبەتی دایك و باوك بەشداری لەگەڵدا بکەن ، بۆ ئەوەی هەست بە تەنیایی نەکات و زیاتر لەگەڵ یاری‌یەکە بگونجێت و دڵخۆشتر بێت . بەڵام یاری کردنیش تاکە مەرج نی‌یە بۆ نەشونمابوونی منداڵ ، بەڵکو کارکردن بایەخێکی زۆری هەیە لەم رووەوە و دایك و باوك لێپرسراون بە ئامادەکردنی منداڵەکەیان بۆ کارکردن کە هۆیەکی سەرەکی‌یە بۆ پێگەیشتنی

کەسایەتی‌ی منداڵ بەتایبەتی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵ بەگشتی ، بەڵام بەداخەوە زۆر لە دایك و باوکان سەرنجی ئەم لایەنە گرنگە نادەن .

وەکو دەبینین هەر لە سەرەتاوە منداڵ ئارەزووی کارکردن و جووڵانەوەیە ، ئەگەر لەم تەمەنە هانی خۆشەویستی‌ی ئیش و کار نەدرێ ئەوا بە گەورەیی هەرگیز هەوەسی لەگەڵ ئیش و کار نایەت ! زۆر جار وا رێکەوتووە منداڵ دەیەوێت یارمەتی دایکی‌و یان باوکی بدات بۆ هەرکارێك ، کەچی رێگەی نادەن و پێی دەڵێن وازبێنە ئێمە جێبەجێی دەکەین !!! بەم شێوەیە منداڵەکە پەیتا دوورە پەرێز دەبێت لە ئیش و کار ، کە گەورەش دەبێت بەلایەوە زۆر گران دەبێت ئیش و کار بکات .

لەسەر دایك و باوك پێویستە منداڵەکەیان بە شێوەیەك فێر بکەن کە بەبێ کار کردن مەحاڵە لە شێکی ساغ دروست ببێت : کار کردن دروست کەری مرۆڤە ، کە سایەتی‌یە ، هەروەها

دەوڵەمەندکردنی ئاکارە بە نرخەکانی کۆمەڵە ، دەبێ بە جۆرێك پەروەردە بکرێت کە رێز لەو ئیش و کارانە بگرێ کە لە خزمەتی کومەڵ دان .
ئەو ئیش و کارەی بۆ منداڵ تەرخان دەکرێت ، پێویستە لە گوێرەی هێزو توانای منداڵ دابێت ، نەك وەك سزادانێك پێی راسپێردرێت بۆ ئەوەی دوژمنایەتی لەلا دروست بێت ، پێویستە ئیش و کارەکەش جۆرا جۆر بێت و سوود بەخشیش بێت و لەگەڵ تواناو هەوەسی بگونجێت ، بۆ ئەوەی بزانێت لەبەر چی کار دەکات و ئەنجامەکەشی چییە . مەرجێکی تریش بۆ پەروەردەکردنی منداڵ ، رێك و پێکی ناو خێزانە پێش هەموو شتێك دانانی پرۆگرامی رۆژانە ، هەروەها پارێزگاری رەفتاری رۆشنبیرانەو رێك و پێکی و پێویستییەکانی خێزان لە رێگای پرۆگرامی رۆژانە دێتە دی.
بۆ نموونە : ئەگەر منداڵ فێر بکرێت لە کاتی دیاری کراو بخەوێت ، ئەوە هەموو رۆژێك لەو کاتە دیاری کراوەکەدا دەخەوێت ، بەبێ چیرۆك گوتن و لایەلایە ، چونکە سەرنج نەدانی ئەم لایەنە ، لە پاشان دەبێتە کۆسپێك بۆ راهاتنی خەوتنی منداڵەکە . زۆر لە دایکان هەن لە دواییدا هەست بەم حاڵە دەکەن ، کە چارەسەری زۆر زەحمەت دەبێ . بەڵکو هەر لە سەرەتاوە منداڵەکە فێر بکرێت بە شوشتنی دەم و چاو ، چۆنیەتی نان خواردن و پاك و خاوێنی ناوماڵ ، رێزلێگرتن لە ئەندامەکانی خێزان و خەڵکی تر .. هتد . ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە تێکەڵ بوون مەرجێکی پەروەردەی گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی رادەی ژیریو هۆشیاریی منداڵ ، ئەو دایك و باوکەی کە تێکەڵی منداڵەکەیان نابن لە کاتی یاری کردن وئیش و کاردا ، ئەوا هەرگیز بەرژەندیو ئارەزووی منداڵەکەیان لە بەر چاو نییەو ناشتوانن رێبازێکی راست و دروست بۆ منداڵەکەیان هەڵبژێرن . باشتر وایە گشت ئەندامەکانی خێزان یارمەتی منداڵەکە بدەن لەکاتی یاری کردن و ئیش و کاریدا ، بەتایبەتی دایك ، کە نزیکترین کەسە لە پەروەردەکردن و پێك هێنانی کەسایەتیی منداڵەکە .
« مەکەرێنکۆ » چەند جۆرە دەستەڵاتێکی دایك و باوکی تەرخان کردووە لە بواری پەروەردە کردنی منداڵ دا :

١ـ دەستەڵاتی چەوسانەوەو زۆرەملێ :دایك و باوکی ئەم جۆرە خێزانە ترسناکن ، بێ وێژدانن ، رادەی ، رۆشنبیرییان نزمە ، منداڵی ئەم جۆرە خێزانە هەردەم ترسنۆك دەبن و توانای ژیرییان زۆر بە زەحمەت گەشە دەکات ، زۆربەی کردەوەکانی خراپن تا گەورەش دەبێ ئەم رەوشتانەی لێ جودا نابێتەوە !!

٢ـ دەستەڵاتی دوورخستنەوە:دایك و باوك بە دەگمەن تێکەڵ بە کاری منداڵەکەیان دەبن ، زۆر کەم لەگەڵی دەدوێن ، دوورە پەرێز رایدەگرن لە زۆربەی ئیش و کارێك دا بێگومان جۆری پەروەردە لای ئەم بابەتە خێزانەش زۆر لاوازە منداڵ هەست بە کەموکورییەکی زۆر دەکات .

٣ـ دەستەڵاتی بەرتیل دان :ئەمەش جۆرێکە لە جێبەجێ کردنی داواکارییەکی دیاریکراوی دایك یاخود باوك لە لایەن منداڵەوە بەرامبەر بە بەرتیل وەرگرتن .

بۆ نمــوونــە دارا تەمــەنی هەشت ساڵە کاتــژمــێر یازدەی بەیانی‌یە ، داوا لە دایکی دەکات سەندەویچی بۆ بکرێت ، بەڵام بۆی ناکرێت ، بەو هەنجەتەی کە دوایی ناتوانێت نانی نیوەڕۆ بخوات منداڵەکە وازی لێ ناهێنێت و دەگریێ ، ئیتر دایکی پێی دەڵێت : سەنـدەویچت بۆ دەکـرم . بەمــەرجێك چیتر قسەی ناشیرین بە کەس نەڵێیت . یاخود باوك بە کورەکەی دەڵێت : ئەگەر سبەی لە تاقی کردنەوە دەرچوویت ، ئەوا دیاری‌یەکی زۆر جوان بۆت دەکرم !

کارێکی نارەوایە دایك و باوك بەم جۆرە پەروەردەی منداڵەکەیان بکەن .

٤ـ دەستەڵاتی ڕاست و بەجێ :ئەم جۆرە دەستەڵاتە لەگەڵ گەشەی ژیری‌و هۆشیاریی منداڵ دروست دەبێت ، ئەم جۆرە دەستەڵاتە بەندە بە ڕۆشنبیری‌ی گشتی‌ی دایك و باوکەوە.

لەم جۆرە دەستــەڵاتــە ، هەر چەنـد منـداڵ گەشە دەکات ، دەستەڵاتی دایك و باوك فراوانتر دەبێت بەسەر خوو ڕەوشتی منداڵەکە ، هەروەها دایك و باوك دەبێ دڵ فراوانی‌یەکی گەورە پیشـانی منـداڵەکــە بدەن و ڕووشکێنی نەکــەن ، چونکــە سەرچــاوەی وەرگــرتنی هەر ئامۆژگاریەك لە لایەن منداڵەوە ، دایك و باوکی‌یەتی هەروەك «تۆلستۆی» دەڵێت : کاری پەروەردە ، کارێکی سەخت و ئاڵۆزە !!

بە لامـانــەوە سەیر نەبێت کە خوو ڕەفتاری منداڵ لە کوێوە هاتــووەو سەری هەڵداوە ، لە کاتێکدا خەڵکی ئاسایی جگەرە دەکێشن و مەی دەخۆنەوە لەبەردەم منداڵ ؟! چونکە مێشکی منداڵ وەك پەرە کاغەزێکی سپی‌ی سادەیە وایە !!

«مــەکــەرێنکـۆ» دەڵێت : چۆن دەدوێیت بۆ خەڵکی‌تر لەگەڵ خەڵکی‌تر ، چۆن دڵخۆش دەبیت یاخود غەمبار دەبیت ، چۆن ئاوڕ لە برادەرەکــانــت دەدەیتــەوە ، لە دوژمنــانت ، چۆن پێ‌دەکەنیت یاخود ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە ـ ئەمانە هەمووی خوو ڕەوشتن ، بۆ منداڵەکەت دەگوازێتەوە و بایەخێکی زۆریشی هەیە بۆ سەر دەروونی .

کاتێك منداڵ ئەرکێکی پێ دەسپێردرێت ، پێویستە گرنگی‌ی ئەو ئەرکە بۆی ڕوون بکرێتەوە ، تا ئەنجامی ئەرکەکەی بزانێت و سوودی لێ وەربگــرێت ، چونکــە باوەرکــردن کار دەکاتە سەر ژیری‌ی منداڵ ، هەروەها ڕاهێنانیش لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە دروست کەری چەندان سیفەت و خەسیەتی چاکە .

چاودێـری کردنی منـداڵ لە لایەن دایك و باوکەوە بایەخێکی سەرەکی‌یــە لە کاری پەروەردەیــان ، هەروەك دەزانــین کارە بنەرەتی‌یەکانی منداڵ ، یاری خوێندن و جووڵانەوەیە ، هەروەها ڕەفتــارو پەیــوەنــدی بەرامبــەر بە برادەرەکــانی و خەڵکی دەوروبەری ، کە پێویستە دایك و باوك چاودێری بکەن .

هەرچەند منداڵ گەشە بکات ، دەبێ جۆری چاودێری‌ی دایك و باوك بە پێی ئەو گەشە کردنە بگۆرێت بەرەو پێشەوە.

« فۆلکــۆڤــە» دەڵێت : منـداڵ هەر لە قۆنــاغێکی تەمــەنی سەرکەوتووبێت ، بەڵام بە بێ چاودێری‌ی دایك و باوك ، هەرگیز ئەنجــامــەکــەی جێی ڕەزامەندی نی‌یە چونکە ژیانی منداڵ خاوەنی تەجرەبەیێکی زۆر کەمەو هێشتا پێی نەگەیشتووە .. ئەوەش ، ئەوە ناگــەیێنێت کە دایك و باوك زۆر بە توندی و لە هەموو ساتێك دا چاودێری‌ی بکەن . بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ، بزانن چۆن پێوەندی‌ی لەگەڵ دا بکەن و ڕێگەی ڕاستی بۆ دەست نیشان بکەن .

١ـ کۆلێـك تیف : **وشــەیــەکی بولگــاری‌یــە ، بە واتــای کۆمەڵە کەسانێکە یەکیان گرتووە لە ژێر ئامانجێکی گشتی .**

سەرچاوەکان بە زمانی بولگاری:

١ـ ر. پێشێفە : خێزان وەك دەورو بەرمیەکی پەروەردکار ، ١٩٧٥
٢ـ مەکەرێنکۆ : سپیارە بۆ دایکان و باوکان ، ١٩٥٢
٣ـ مەکەرێنکۆ: بۆ پەروەردەی لاوان ، ١٩٥٣
٤ـ پ : پرفانوف : چەند جیاوازی‌یەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەفتاری نێوان کورو کچان ـ گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی ، ١٩٧١
٥ـ پێ ، ئارکین : دایك و باوك بۆ پەروەردەکردن ، ١٩٦١
٦ـ چەند گۆڤارێکی پەروەردەیی .